# Asylum Support Partnership
## help and advice

refugee action · North of England Refugee Service · Refugee Council · scottish refugee council · Welsh Refugee Council Cyngor Ffoaduriaid Cymru

Kurdish (Sorani) June 2013

# دەرماڵەی دایکایەتی بۆ خێزانە پەناخوازەکان

ئەگەر ئێوە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ (هۆم ئۆفیس) (Home Office (HO) خزمەتگوزاری پشتگیری پەنابەران وەردەگرن و دووگیانن یان منالّتان هەیە کە تەمەنیان ژێر 3 ساڵە رەنگە ئێوە موستەحەقی وەرگرتنی پارەی زۆرتر بن. لەم بلاّوکەدا بە پێی جۆری ئەو پشتگیریەی کە وەریدەگرن، ئەو برە پارانەی کە لە بەردەستی ئێوەدایە و ئەو کارانەی کە دەبێت بۆ وەرگرتنیان جێبەجێیان بکەن شرۆڤە کراوە. بۆ وەرگرتنی هەموو پشتگیرییە زیادەکان، دەبێت هەموو قۆناغە شرۆڤەکراوەکانی خوارەوە لە کاتە دیاریکراوەکاندا جێبەجێ بکەن.

### پارەی هەفتانەی زیادەی کاش

کاتێ کە ئێوە دووگیانن و کاتێ کە منداڵەکەشتان لەدایک دەبێت، ئێوە دەتوانن برێ پارەی زۆرتر لە HO وەرگرن. کاتێ کە ئێوە دووگیانن دەتوانن £3 ی زۆرتر بۆ هەر هەفتەیەک داوا بکەن. کاتێ کە منداڵەکەتان لەدایک دەبێت تا دەبێت بە یەک ساڵانە، ئێوە موستەحەقی وەرگرتنی بڕی زیادی £5 لە هەفتەدا دەبن. کاتێ منداڵەکەی ئێوە یەک ساڵیە ئێوە هەروەها موستەحەقی وەرگرتنی £3 ی زۆرترن لە هەفتەدا تا کاتێ کە منداڵەکەتان ببێتە 3 ساڵە. کاتێ منداڵەکەتان پێ دەنێتە نێو 3 ساڵانی برە پارەی پشتگیری زیادە ڕادەگیردرێت و پارەی پشتگیری هەفتانەی ئێوە دەگەڕێتەوە سەر مووچەی باوی هەفتانەی HO بۆ دایکوباوک و منداڵان.

ئەگەر ئێوە پشتگیری سکشن 4 (Section 4 support) وەردەگرن، ئێوە دەتوانن بۆ وەرگرتنی پارەی هاوشێوە داوانامە پربکەنەوە. وێرای ئەوە کاتێ کە منداڵەکەتان لەدایک دەبێت ئێوە دەتوانن بۆ وەرگرتنی £5 ی زۆرتر لە هەفتەدا لەبۆ کرینی جلوبەرگ بۆ منداڵەکەتان تا 16 ساڵانی داوانامە پربکەنەوە. هەموو پارە زیادەکان دەخرێنە سەر پارەی کارتی Azure. ئەگەر ئێستاکە منداڵانێکتان هەیە کە تەمەنیان خوار 18 ساڵە، بۆ گواستنەوەی پارەی پشتگیری نوسراو لەسەر کارتی Azure لە هەفتەیەک بۆ هەفتەی دواتر کێشەیەک نییە. ئەگەر ئەمە منداڵی یەکەمی ئێوەیە، وەزارەتی ناوخۆ (Home Office (HO) پاش پێشکەش کردنی پارمەتی خەرجیی سکوزا بۆ ئێوە، کێشەو سنووردار بوونی گواستنەوەی £5 بۆ هەفتەی دواتر دەسرێتەوە.

### یارمەتی خەرجیی یەک قۆناغەی زیادەی سکوزا

پاش ئەوەی کە منداڵەکە لەدایک بوو وە ئێوە بە شێوەی ئاسایی خزمەتگوزاری پشتگیری پەنابەرانی خۆتان وەردەگرن، جگە لەوە موستەحەقی وەرگرتنی برە پارەی زیادی £300 تایبەتی کرینی جلوبەرگ و شتە پێویستەکانی منداڵەکەتان دەبن کە بە شێوەی یەکجێ بە ئێوە دەدرێت. ئەگەر دووانەتان ببێت موستەحەقی وەرگرتنی £600 واتە £300 بۆ هەر منداڵێک دەبن. ئێوە دەبێت ئەم داواکاریە لانی زۆر هەشت هەفتە پێش سکوزا یان لە ماوەی شەش هەفتە پاش ئەوە پێشکەش بکەن.

ئەگەر ئێوە پشتگیری سکشن 4 وەردەگرن، دەتوانن داواکاریی بۆ وەرگرتنی یارمەتی خەرجیی یەک قۆناغەی زیادی سکوزا بەرابەری £250 پێشکەش بکەن. ئەگەر دووانەتان ببێت موستەحەقی وەرگرتنی £500 دەبن. ئەم برە پارەیە دەخرێتە سەر پارەی کارتی Azure ـی ئێوە. ئێوە دەبێت ئەم داواکاریە لانی زۆر هەشت هەفتە پێش سکوزا یان لە ماوەی شەش هەفتە پاش ئەوە پێشکەش بکەن.

بلاوکراوە وەرگێردراوەکانی تری ئەنجومەنی پەنابەران لەسەر ئەم ماڵپەرەش دەست دەکەون www.refugeecouncil.org.uk

aqs advice quality standard · OISC No: N200100132

Asylum Support Partnership is a partnership project hosted by the British Refugee Council
British Refugee Council, (commonly called the Refugee Council) is a company limited by guarantee registered in England and Wales, [No 2727514] and a registered charity, [No 1014576].
Registered office: PO Box 68614, London E15 9DQ, United Kingdom, VAT no: 936 519 988

## دەبێت چ کارێک بکەم و چ کاتێک؟

بۆ بەدەستهێنانی ئەم برە پارانە دەبێت داواکارییەکی نووسراوەیی واژۆکراو پێشکەشی وەزارەتی ناوخۆ (Home Office (HO) بکەن. ئەگەر لە HO پشتگیری سکشن 4 وەردەگرن دەبێت ئەم داواکاریانە لە رێگای فۆرمی پارە زیادیەکانی سکشن 4 ەوە پێشکەش بکەن و هەموو بۆکسە پێوەندیدارەکان تیک لێدەن و دیاریان بکەن. داواکاریەکان دەبێت بۆ بەرپرسی دۆسیەکەی (case owner) ئێوە بنێردرێت. ئەگەر بەرپرسی دۆسیەتان نییە دەبێت بە نامەیەک بۆ نووسینگەی ناوچەیی HO ئەم بابەتە ڕابگەینن.

بۆ پێشکەش کردنی هەرجۆرە داواکاریەک دەبێت بەڵگەی ئەسڵی دۆکیۆمێنتەکان بنێرن تاکو پاش لێکدانەوە بۆتان بنێردرێنەوە، دەبێت کۆپی داوانامە و داکیۆمێنتەکانی خۆتان بۆ لەلای خۆتان هەڵبگرن. ئێوە دەبێت هەموو داواکاریەکان و ئەسڵی دۆکیۆمێنتەکان بە "پۆستی تۆمارکراو" (recorded delivery) بنێرن (لەمبارەوە لە فەرمانگەی پۆستە زانیاریی وەرگرن).

ئەگەر بۆ پێشکەش کردنی ئەم داواکاریانە پێویستتان بە یارمەتی هەیە لە رێکخراوی پەنابەری خۆجێیی خۆتان یارمەتی وەرگرن.

### پاش ئەوەی کە دووگیان بوون:

نامەیەک بۆ بەرپرسی دۆسیەکەی خۆتان لە وەزارەتی ناوخۆ (Home Office (HO) بنووسن و داواکاریی پارەی £3 بۆ سکوزا و یارمەتی خەرجییەکی یەک قۆناغەی £300/£250 پێشکەش بکەن و لەگەڵ ئەوە نامەیەک یان فۆرمێکی MATB1 کە لەلایەن پزیشک یان مامانەکەتانەوە پەسند کراوە و بەرواری ئیحتیمالی سکوزا (بەرواری منالبوون) تیایدا ئاماژەی پێکراوە هاوپێچ بکەن.

لە بیرتان بێت کە لە بەرنامەی کاتبەندی دیاریکراو لەلایەن HO ـەوە داواکاریی یارمەتی خەرجیی سکوزای خۆتان پێشکەش بکەن:

- ئەگەر بە شێوەی ئاسایی خزمەتگوزاری پشتگیری پەنابەران وەردەگرن، ئێوە دەبێت داواکاریی وەرگرتنی £300 لانی زۆر هەشت هەفتە پێش سکوزا یان لە ماوەی شەش هەفتە پاش ئەوە پێشکەش بکەن.
- ئەگەر پشتگیری سکشن 4 وەردەگرن، دەبێت داواکاریی وەرگرتنی £250 لانی زۆر هەشت هەفتە پێش سکوزا یان لە ماوەی شەش هەفتە پاش ئەوە پێشکەش بکەن.

ئەگەر زووتر لەوە داواکاریی پێشکەش بکەن رەنگە HO داواکاریەکەی ئێوە لێکنەداتەوە. تکایە بزانن کە داخوا پێویستە ماوەی دیاریکراوی داواکاریەکەی خۆتان بنێرن یان نا. لە هەندێ هەلومەرجدا HO پێش لەدایکبوونی منداڵ یارمەتی خەرجیی سکوزا نادات، و بەڵگەی پشتڕاست کراوی لەدایکبوونی منداڵەکە (وەکو بڕوانامەی لەدایکبوون (birth certificate)) لە ئێوە داوا دەکرێت.

**تکایە ئاگادار بن کە ئەگەر لە کاتی دیاریکراودا داواکاریەکەی خۆتان پێشکەش نەکەن پارەیەک بە ئێوە نادرێت.**

### کاتێ کە منداڵەکەتان لەدایک بوو:

بە زووترین کات سەردانی نوسینگەی تۆمارکردنی ناوچەکەی خۆتان بکەنو و منداڵەکەتان ناونووس بکەن. ئەوان بەڵگەیەکی لەدایکبوونی "کورت" بەخۆڕایی دەدەن بە ئێوە. هەروەها دەتوانن بە پێدانی بڕێ پارەی کەم بەڵگەیەکی لەدایکبوونی "تەواو" بە زانیاریی زۆرترەوە وەرگرن. **ئێوە هەردوو بەڵگەکەتان پێویست دەبێت.** ئەگەر ئێوە پشتگیری سکشن 4 وەردەگرن دەتوانن برە پارەی دراو بۆ بەڵگەی لەدایکبوونی تەواو، لە HO وەرگرن.

بۆ دڵنیابوونەوە لەوەی کە منداڵەکەتان بخرێتە سەر گەڵاڵەی پشتگیری لە ئێوە، دەبێت داواکارییەکی نووسراوەیی واژۆ بکەن و بیدەنە بەرپرسی دۆسیەکەی خۆتان. لەگەڵ ئەوە دەبێت کۆپی ئەسڵیی بەڵگەی لەدایکبوونی تەواو هاوپێچ بکەن. هەر بە وەرگرتنی ئەم داواکارییە لەلایەن HO ـەوە ئەو برە پارانەی کە لە سەرەوە شرۆڤە کران دەخرێنە سەر پارەی پشتگیری لە پەنابەران.

ئەگەر پێدانی ئەم پارانە لە ماوەی 2 یان 3 هەفتەدا جێبەجێ نەکرا سەردانی رێکخراوی پەنابەرانی خۆجێی خۆتان بکەن.

ئەو باوکە سەڵتانەش کە لە منداڵەکەیان چاودێری دەکەن و ئاگایان لێیەتی لە نەبوونی دایکدا دەتوانن بۆ وەرگرتنی یارمەتی زۆرتر داواکاریی پێشکەش بکەن.



Asylum Support Partnership consists of:

North of England Refugee Service, charity number: 1091200 www.refugee.org.uk
Refugee Action, charity number: 283660 www.refugee-action.org.uk
Refugee Council, charity number: 1014576 www.refugeecouncil.org.uk
Scottish Refugee Council, charity number: SC008639 www.scottishrefugeecouncil.org.uk
Welsh Refugee Council, charity number: 1102449 www.welshrefugeecouncil.org